کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-4-2007 20:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کوشتنی دوعا زەنگێ بوو ... چرۆ زەند

zandchro@hotmail. com

گەلە پیاوێکی دڕندەی مرۆڤ کوژو بەربەری منداڵێکی 17 ساڵیان خاچ کرد. خۆشەویستیان دایە بەر بەرد تامردن. لاشەی ناسکی دوعا بەڕوتی ڕاکێشرا بە هوتافی سەرکەوتن لە 7 مایسی 2007 دا لە دێی بەعشیقە لە موسڵ، چونکە دوعا کچە یەزیدی کورد زمان عەرەبێکی ئیسلامی خۆشویست.



دین پەیامی خۆی گەیاند!

کەسێ لە دین یاخی بوو بەو جۆرە خاچ دەکرێ! شۆڤیەنیش پەیامیکی تر، مرۆڤ چەندە بێ نرخە لای!

کەلتورو پیاو سالاریش شەرەفیان لە منداڵێکی 17 ساڵدا دەبینەوە. لەو گەلە پیاوە یەکێکیان بە تۆزقاڵێ ویژدانی نەجولا دەستی چڵکنیان بەردی هاویشت تا مردن و بەو منداڵە وێران. کەچی پیاو سالاران نیشتمان فرۆشان چەندە ترسنۆک وبچوکن لە بەرامبەر بڕیارێک یا سەربازێکی داگیرکەران.

پەیامی خۆشەویستیش ومرۆڤایەتیش لای دوعا بوو، کە نە سنورنە نیشتمان و نە زمان، نە دین نابنە ڕێگر. شەرم دایگرت لە بێ شەرمی بکوژانی. بۆیە ڕوی شیرین و لە شی بچوك و ناسکی دادەپۆشی تا مردن.

دوعا بە تەنها خاچ نەکرا، بەڵکو سەربەستی لەگەیدا خاچ کرا. تاوانێکی تۆقێنەر بۆ ترساندنی مرۆڤ لە داهاتودا و زەنگێک بۆ کیژی کورد کە سادەترین مافیان لێ زەوت کرێ.

دوعا یەکەم کچی کورد نیە کە دەکوژرێ. ئەو وێنەکەی بە بەرچاوی خەڵکەوە لە سایتی کوردستان نێتدا خرایە ڕوو. ئەوانی تر لە ژورەوە ئەتک دەکرێن بەدەستی پیاو.

بە پێی ڕاپۆرتی مافی مرۆڤ لە 3-4-2007دا، 533 ژن خۆیان کوشتوە یا کوژراون لە ساڵی 2006 دا لە کوردستان. زۆریان تەمەنیان لە نێوان 13 تا 18 ساڵدایە. وە لە ساڵی 2005 دا ژمارەیان 289 بوە. بە پێی ڕاپۆرتەکەی ئقلیمی کوردستان وەزیری مافی مرۆڤ یوسف محمد عزیز ئەم ڕێژەیە هەمو ساڵێ زیاد دەکا.

ئەم تاوانە یاسا و ڕێکخراوە کارتۆنیەکان بە درۆ دەخاتەوە، بۆ نمونە:

هیچ یاسایەك ڕێی نادا بە سەپاندنی کەمترین سزا بەسەرمرۆڤدا پێش تەمەنی 18 ساڵ.

ڕێکخراوەکانی ژنان کە بە خوێنی سەدان دوعا دروست بون لە کوردستان. ژن بۆتە ڕاوێژکەر. لەوێوە ژنێ نامە دەنوسێ بۆ سەرۆک وەزیرانی ئەمریکا تا پۆستی وەزارەت وەرگرێ، یەکێکیتر بە پارەی وان سەفەر دەکا بۆ ناو دەرکردن و بازرگانی کردن بە کێشەی ژن، کەچی ئەم ژنانە بیدەنگن لە ئاستی بەردەبارانی کیژۆڵەیەکی منداڵکار. دەبو ناو لە خۆیان بگۆرن لەگەڵ پیاو سالاران ببنە ڕێکخراوی دژی ژن.

لە کوردستان مافی مرۆڤ دەستە وەستانە، ژن ڕێکخراوی نیە، مافی نیە، دەنگی نیە.

حکومەتی هەرێمی کورد وعێراق بەرپرسن لە بەرامبەر ئەو تاوانە دڕندەیەی کە لە بەعشیقە ڕویدا بە ئاگاداری پۆلیس، وە لە هەر تاوانێکی تری لەو جۆرە لە هەر بەشێکی کوردستان یا عێراق کە ڕوو دەدا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تاوانکاران دەبێ سزا بدرێن زۆر بە توندی بە زوترین کات بێ قەید و شەرت.
ڕێگە بگیرێ لە دوبارە کردنەوەی ئەم تاوانە و لە هەموو جۆرە کوشتن یا ئازاردانێکی ژن.
پەیکەرێ بکرێ بۆ دوعا لە چێگای خاچ کردنیدا. ڕۆژی کۆشتنی بێتە ڕۆژێکی تایبەتی، دژی ڕەشە کوژی ژن لە کوردستان هەمو ساڵی یاد بکرێتەوە لەو ڕۆژەدا.
من وەك ژنیکی خەمبارم ونەفرەت لە خاچ، لە کوشتن، وە لە ئازاردانی ژن دەکەم. دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی هەموو مرۆڤێکی ئازادی خواز وە تکا دەکەم، بێدەنگ نەبن لەم تاوانە. چۆنکە بێدەنگی نیشانەی ڕازیبونە.
گەر ئقلیمی هەرێمی کوردستان نەیەتە وەڵام لەم تاوانە قێزەوەندە، دەکەوێتە بەر ڕق و کینەی خەڵکی ئازادیخواز وە ئێمەی ژن بێدەنگ نابین لە بکوژانمان.

April 29، 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.